# شۆڕشی دیموکراتی یان شۆڕشی سۆسیالیستی

## نووسینی : تۆنی کلیف

له گشت ئەم ولاتانەدا کە دیموکراسی سیاسی تێدا نی یە واتە لەڕێ ی سیستەمێکی شاهانەی ڕەها، سوپا، فاشیزم یان دەسەلاتێکی ئیمپریالیزمی بێگانەوە حوکمڕانی دەکرێن مەسەلەی بوونی دیموکراسی پێویستی یەکی ئاشکرایە. وە ئێمەش، سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان، بێووچان تێدەکۆشین بۆ هێنانەدی: هەڵبژاردنی ئازادانەی حکومەتە نیشتمانی و ناوخۆیی یەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و کۆبونەوەو ڕێکخراوبوون و مافی چارەی خۆنووسینی نیشتیمانی، بەلام بۆ ئێمە ئەوەندە بەس نی یە.

پێش هەموو شتێك، نا یەکسانی ، چەوساندنەوە و ستەمکاری وەك ڕاستی یەك دەمێنێتەوە تا سەرووت و سامان لەمشتی کەمایەتی یەکی بچوك لە سەرمایەداران بێت. بەبێ بوونی خاوەنداریێتی یەکی گشتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، نەك تەنها نایەکسانی یەکانی نێوان هەژار و دەوڵەمەند دەمێنێتەوە، بەڵکو بە هۆی پێشبڕکێ ی نێوان کرێکاران بۆ وەدەست هێنی کارو ماڵ و هەلەکانی ڕۆشنبیربوون، نایەکسانی لە نێو خودی چینی کرێکاریشدا دەمێنێتەوە.

لە گەڵ کۆنترۆل کردنی بەردەوامی سەرووت و سامانی کۆمەڵگە لە لایەن سەرمایەدارانەوە، دیموکراسی سیاسیش لەمەترسی دا دەبێ و، دەستەیەك لە سەرمایەداران نەك تەنها خاوەنی ئامرازە بابەتی یەکانی بەرهەم هێنانن، بەڵکو خاوەنی ئامرازە ئەقلانی یەکانی بەرهەم هێنانیشن ڕۆژنامەکان و تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی تری پڕوپاگەندە، هەروەها لە لایەن ماشێنی دەوڵەتی سەرمایەداریشەوە پشتیوانی دەکرێن سوپاو پۆلیس و دادوەران بەردەوام دەبن لە پشتیوانی کردنی چینی سەرمایەدار.

*تەنها ئەم کاتەی چینی کرێکار دەسەلاتی دەوڵەت دەگرێتە دەست مافە دیموکراسی یەکان مسۆگەر دەبن.*

لە نۆڤێمبەری 1918 شۆڕش لە ئەلمانیا کۆتایی بە دەسەلاتی قەیسەر هێنا و هەروەها کۆتایی بە جەنگی جیهانی یەکەمیش هێنا. بە داخەوە خاوەن کارە گەورەکانی وەك

Krupps و Thyssen له گـەڵ جەنەراڵـەکان و ئەفسـەرە کۆنە پەرسـتەکانی سـوپا دا مانەوە. چەند یەکەیەکی ڕاستڕەویان دامەزراند کە پێ ی دەوترا Freikorps . دەسەڵاتی دوو لایەنی بڵاو بووەوە لە ئـەڵمانیا، چـونکە شـان بەشـانی پەرلـەمان ئەنجومەنـەکانی کرێکارانیش هەبوو.

هیچ شۆڕشێك نەیتوانیوە بە یەکجاری دەرباز ببێت لە کـۆت و بەنـدەکانی ڕابـردوو، شـان بەشان لە گەڵ شتە تازەکاندا کە نوێنەری داهاتوو دەکەن شتە کۆنەکانیش هەر دەمێننەوە، واتە هەر وەك مـارکس دەڵێـت: " داب و نـەریتی نـەوە مردووەکـان، هێشـتا بـە بـەرۆکی زیندووەکانەوەن ".

ڕووداوەکان لە ئـەڵمانیا بـە تـەواوەتی وشـە پێشـبینیکەریەکانی سـان جەسـت دووپـات دەکەنەوە: " ئەوانەی نیوە شۆڕشێك بەرپا دەکـەن گـۆڕی خۆیـان هەڵدەکـەنن ". لـە ژێـر چەتری حکومەتی سۆسیال دیموکراتـدا، ئەفسـەرەکانی Freikorps هـەردوو سـەرکردەی شۆڕشگێڕ ((ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبکنخت)) لە ناو برد. ڕووداوە شۆڕشگێڕی یـەکان لـە هەلچون و داچون دا بوون تا ساڵی 1923، بەڵام بـە سـەرکەوتنی سـەرمایەداری کۆتـایی هات، بزووتنەوەی نازی لە ساڵی 1919دا هاتـە کایـەوە. لـە سـاڵی 1923 کودەتایـەکی سەرنەکەوتووی سازدا لە باڤاریا بەڵام چاوەڕوانی کردنێك هەبوو لە باڵەکانی دا. ئەمەش هەلێکی تربوو کە لە دەست کرێکاران دەرچوو هەر دەبوو باجەکـەی بـە سـەختی بدەنـەوە کاتێك هیتلەر دەسەڵات گرتە دەست.

لە سی یەکاندا فەرەنسا سەرهەڵدانێکی گەورەی خەباتی چینی کرێکاری بەخۆوە بینی کـە لە شوباتی 1934 دەستی پێکرد و لە ساڵی 1936 دا گەیشتە لووتکە لە سـەر کـەوتنێکی چارەنووسازی بەرەی جـەماوەری دا Popular Front هاوپـەیمانی یـەتی یـەکی نێـوان حیزبی کۆمۆنیسست و حیزبی سۆسیالیست و لیبراڵەکان [ کـە بـە هەڵـە پێیـان دەووتـرا سۆسیالیستە رادیکالەکان لە کاتێکدا نە رادیکـاڵ و نـە سۆسیالیسـت بـوون]. ملیۆنـەها کرێکار بە خۆیان دەووت ( ئێستا حکومەت هی خۆمانە، با کارگەکان بگرینە دەسـت ).. لـە حوزەیرانی 1936 شەپۆلێك بۆ بە گەڕخستنەوەی کارگەکان سەری هەڵدا، ڕابەرانی حیزبی کۆمۆنیست و حیزبی سۆسیالیست پاکیازییەکیان ئـەنجام دا دوا بـە دوای سازشـکردن لـە گـەڵ خـاوەن کارەکـان دا، پـاش ئەمـە حیـزبی کۆمۆنیسـت فـڕێ درایـە دەرەوەی بـەری

جەماوەریی.دالادیر Daladier کە سۆسیالیستێکی ڕادیکاڵ بوو، ساڵی 1938 پەیماننامەی (میونخ)ی لە گەڵ هتلەردا ئیمزا کرد، وە هەمان پەرلەمان بوو کە هەڵبژدراو لە سەرکەوتنی ساڵی 1936 ی بەرەی جەماوەریی مەزن دا دەنگی دا بۆپشتیوانی کردنی مارشاڵ پێتان Marshal Petain سەرۆکی ڕژێمی ڤیشی Vichy کە دەسنی دایە هاریکاریکردنی نازیەکان لە 1940 بە دواوە.

کاتێ ئەندەنوسیا سەربەخۆیی خۆی لە هۆلەندا وە دەست هێنا لە ساڵی 1949 وڵاتەکە لە لایەن بۆرژوازی ناسیونالیست (ئەحمەد سۆکارنۆ) وە رابەرایەتی دەرکرا. ئایدیۆلۆژیاکانی ئەم لە سەر پرەنیسپەکان Pancasola دامەزراندبوون کە بنەماکانی بریتی بوون لە باوەڕبوون بە خودا و یەکگرتوویی نیشتمانی، تراژیدیاش لەوەدا بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئەندەنوسی ڕووبەڕووی (سۆکارنۆ) نەبوونەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە تەواوەتی ڕێکەوتن لەگەڵی دا لە سەر پێویستییان بە یەکگرتوویەکی نیشتمانی و ئەنجامیش ئەوە بوو کە قسەکانی سان جەست هاتنە دی. حیزبی کۆمۆنیستی ئەندەنوسیا ژمارەی ئەندامەکانی زۆر زیاتر بوولە ژمارەی ئەندامانی حیزبی بەلشەفیك لە سەردەمی شۆڕش دا 3 ملیۆن بەرامبەر چارەکە ملیۆنێك. توانایی چینی کرێکارانی ئەندەنوسیا لاوازتر بوو لە چینی کرێکارانی ڕووسیا لە سەردەمی شۆڕش دا. چینی جوتیار لە ئەندەنوسیا فراوانتربوو وەك لە ڕووسیا، لە ساڵی 1956جەنەراڵێك کە لە لایەن (سۆکارنۆ) وە دامەزرێنرابوو (سۆهارتۆ) کۆدەتایەکی سازدا پشت ئەستوور بە وڵاتە یەکگرتووەکان و حکومەتی بەریتانیا و ئوستڕالیا.کە نزیکەی نێوان نیو ملیۆن تا ملیۆنێك هاووڵاتی بوونە قوربانی.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناوچەیەکی ترە کە چەندین شۆڕشی مەزنی بە خۆوە دیوەو دامەزراوەکانی هەژاندووە، بەڵام نەیتوانیوە ڕیشەدار و بنچینەیی بێت لە عێراق ( مەلیك فەیسەل لە ساڵی 1951 دەسەڵات لێ سەندرایەوە لە لایەن بزووتنەوەیەکی جەماوەری یەوە.(حیزبی شیوعی عێراق) حیزبێکی زۆر بە هێزبوو لە راستی دا بەهێزترین حیزبی کۆمۆنیست بوو لە جیهانی عەرەبی دا وە چووە ناو هاوپەیمانی یەتی یەك لە گەڵ حیزبی ناسیونالیستی بۆرژواکان ( حیزبی بەعس). حیزبی شیوعی لە ژێر دەسەڵاتی ستالینیزم دا، باوەڕی وابوو شەڕی داهاتوو شەڕێکی دیموکراتی دەبێت کە پێویستی بە هاوپەیمانیەتێك دەبێت لە نێوان چینی کرێکارو حیزبە بۆرژواکاندا. وەها هاوپەیمانی

یەتێك لە پراكتیزەكردن دا پابەندی باجی یەكەم بە دوومەوە دەگەیەنێت. ئەندامانی (حیزبی شیوعی) و كرێكاران باجی ئەم هاوپەیمانیەتیەیان زۆر گران دایەوە، (حیزبی بەعس) بەڕابەرایەتی (سەدام حسێن) و بە یارمەتی CIA كوشتارێكی بەرفراوانی دژ بە شیوعی یەكان ئەنجام دا.

لە ئێران مانگرتنێكی گشتی بوو بە هۆی سەندنەوەی كورسی دەسەلاَت لە (شا) لە سالَی 1979 دا و شوراكان (ئەنجومەنەكانی كرێكاران) پەرەیان سەند لە سەرتاپای وولاَتدا، تراژیدیاكە لەوە دا بوو كە رابەرایەتی ئەم شوورایانە بە گشتی هەموو لایەنگرانی حیزبی (تودە) ی مۆسكۆ و (فیدائی یەكان)، شۆرشەكەیان وەك شۆڕشێكی دیموكراتی بۆرژوازی دەبینیەوە نەوەك شۆڕشێكی پرۆلیتاری. بەمەش پشتیوانییان لە دامەزراندنی كۆماری ئیسلامی ئێران كرد. بەم شێوەیە (خومەینی) دەسەلاَتی گرتە دەست بەبێ پیشاندانی هیچ ئەمەكێك بۆ تودە یان فیدائیەكان، لە بری ئەوە چەپ درایە بەر هێرشی قەتل و عامێكی خوێناویەوە.

دەتوانم باسی چەند شۆڕشێكی تری سەرنەكەوتوو بكەم وەك شۆڕشەكانی هەنگاری 1919 - 1956 ، ئەلمانیا 1923، چین 1925-1927، ئیسپانیا 1936، فەرەنسا 1968، پورتوگال 1974-1975.

نزیك بوونەوەی شۆڕشی دیموكراتی لە شۆڕشی سۆسیالیستی و پەسەند كردنی ئەوەی یەكەم، تەنها سیفەتی سۆسیال دیموكراتەكان نی یە بەلَكو بووە بە هێلێكی رابەریانەش بۆ سەركردە ستالینیستەكان لە سەرتاپای جیهان دا.

شۆڕشی ڕووسیای 1917 جیاواز بوو لە زنجیرەی نیمچە شۆڕشەكان. شۆڕشی شوباتی 1917 بارێكی تاوەی سەرنج ڕاكێشی هێنایە كایەوە: تزار دەستی لە كار هەلَگرت و، سەدەكانی پاشایەتی كۆتایی هات، پۆلیس هەلَوەشێنرایەوە، لە هەموو كارگەیەك دا لیژنە كرێكاری یەكان دامەزرێنران، لە چەند یەكەیەكی سەربازی دا لیژنەی سەربازی هاتە كایەوە. كرێكارو سەربازە ڕووسی یەكان لە هەموو شوێنێك سەریان هەلَدا.

بەڵام دوای شۆڕشی شوباتی 1917، هاوشان لە گەڵ سۆڤیەتی یەکان دا دامەزراوە کۆنەکان بەردەوام بوون. لە کارگەکاندا، خاوەن کارە کۆنەکان و بەرێوەبەرە کۆنەکان لە پۆستەکانی خۆیاندا مانەوە. لە سوپا دا جەنەراڵەکان هەر دەسەڵاتدار بوون: فەرماندەی گشتی سوپا جەنەراڵ کۆرنیلوڤ Cornilov بوو کە لە لایەن تزارەوە دانرابوو. هاوشان لە گەڵ دەسەڵاتی شوراکاندا حکومەتێکی بۆرژوازی هەبوو کە سیاسەتمەدارێکی لیبرالی سەردەمی تزارییەکان سەرکردایەتی دەکرد. ئەم بارودۆخە، کە لینین و ترۆتسکی پێیان دەووت *دەسەڵاتی دوو لایەنە، پڕبوو لە ناکۆکی.*

سەرەڕای سروشتی شوراکان، ڕابەران لە بۆرژواکان دەپارانەوە دەسەڵات بگرنەوە دەست. زۆربەی نوێنەرە سۆڤیەتی یەکان باڵی راستی سۆسیالیستەکان بوون، مەنشەفیك و شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان.ئەمەش هەر لە خۆیەوە ڕووی نەدا بەڵکو دەرەنجامی چارە هەڵنەگری بارودۆخەکە بوو کە تیایدا ملیۆنەها خەڵك بەرەو چەپ بەڕێ دەکەوتن بەڵام هێشتا کۆمەڵێ ئایدیۆلۆژیای تزاریزمی کۆنیان هەڵگرتبوو. بۆ ملیۆنەها خەڵك کە تا ئەم کاتە پشتیوانیان لە تزار و جەنگ کردووە، بەڕێ کەوتنێك بەرەو چەپ ڕاستەوخۆ مانای ئەوەی نەدەبەخشی کە پەیوەندی کردنە بە یەکێك لە هەرە حیزبە توندڕەوەکانەوە (بەلشەفیکەکان). پیاوی دەسەڵاتداری نێو مەنشەبیکەکان – تسێرتللی J.G.Tseretelli کەبووە وەزیری ناوخۆ لە حکومەتە کاتی یەکەی بۆرژواکان، ڕوونی کردووە کە *" پێویستمان بە سازش کردنە لە گەڵ بۆرژواکان دا: هیچ ڕێگایەکی تر نی یە بۆ شۆڕش. ڕاستە ئێمە هەموو دەسەڵاتەکانمان بە دەستەو حکومەتیش لە ناو دەچێ گەر ئێمە دەستی لێ هەڵگرین، بەڵام ئەمە بۆ شۆڕش کارەساتێك دەگەیەنێت"* .

لە سێی نیسان کاتێ لینین لە سویسرا گەڕایەوە بۆ ڕووسیا، بە گەرمی پێشوازی لێکرا لە لایەن هەزارەها کرێکار و سەربازەوە لە ویستگەی فنلەندا لە پیترۆگراد. چخیهدزی chkheidze نوێنەری شورای پێترۆگراد بەم وشانە پێشوازی لێکرد *"هاورێ لینین بەناوی شورای پێترۆگرادوە و هەموو شۆڕشەوە بەخێر هاتنت دەکەین بۆ ڕووسیا..بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە کە ئێستا ئەرکی سەرەکی شۆڕشی دیموکراتی بەرگری کردنە لە شۆڕش دژ بە هەر لادانێك چ لە ناوەوە یان لە دەرەوە. ئێمە پێمان وایە ئەم ئامانجە پێویستی بە پەرتەوازەیی نی یە بەڵکو بە نزیك بوونەوەی ئاستە دیموکراسی یەکانە، بە هیواین کە تۆش ئەم ئامانجەمان لەگەڵدا بگریتە بەر"* . لە وەڵامدا لینین بانگەشەی بۆ بەردەوام

بوونی شۆڕش کرد هەرچۆن شۆرشی سۆڤیەتی بەشێك بووە لە شۆڕشێکی نێونەتەوەیی، شۆڕشێکی جیهانی. کاردانەوەی مەنشەفیکەکان بۆ ووتەکانی لینین زۆر دوژمنکارانە بوو بەم شێوەیە گۆڵدنبێرگ I.P.Goldenberg کە ئەندامێکی کۆنی (کۆمیتەی ناوەندی بەلشەفیك)، رایگەیاند *" ئێستا لینین خۆی کاندید کردووە بۆ عەرشی ئەوروپا،کە سی ساڵە بەتاڵە – عەرشی باکۆنین ووشە نوێکانی لینین دەنگدانەوەی کۆنی هەیە – راستی یە لە کارکەوتووەکانی ئەنارشیزمی سەرەتایی یە.*

لینین خۆ نەگونجاند لە گەڵ مەنشەفیکەکان و شۆڕشگێڕە سۆسیالیستەکان کە بەرجەستەکردنەوەی دیموکراسی ووردە بۆرژواکان بوون. ئەو بەردەوام بە دوای بانگەشەکەی (مارکس) ی سەردەمی شۆرشی 1848ی فەرەنسا و ئەلمانیا کەوتبوو. *مارکس نوسیویەتی: " دەبێ بە تەواوەتی سەربەخۆبیت لە کامپی دیموکراسی و ووردە بۆرژواکان بپارێزیت"، " کرێکارە ئەلمانیەکان دەبێ تەواو هابەشی بکەن تا دوا سەرکەوتنیان، بەئاگابوون لە بەرژەوەندی یەکانی چینی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی شوێنی سیاسی سەربەخۆی خۆیان بەزووترین کات، بە ریگە نەدان بە خۆیان کە چەواشە بکرێن بە قسە دووفاقیەکانی وورده بۆرژوا دیموکراتەکان تا نەکەونە گومانەوە، تەنانەت بۆ یەك خولەکیش لە پێویستیان بە پارتێکی سەربەخۆو رێکخراوبوونیان لە حیزبێکی پرۆلیتاری، بانگەوازی خەباتیان دەبێ ( شۆڕشی بەردەوام) بێت".*

پاش چەندین رۆژ و هەفتە و مانگێگ لە رووداوی تووندوتیژ، بەلشەفیکەکان توانیان زۆرینەی دەنگی کرێکاران بە دەست بهێنن. لە 9 ی ئەیلول شورای پێترۆگراد گۆڕا بە زۆرینەی بەلشەفیك و ترۆتسکی بە سەرۆك هەڵبژێردرا. لە هەمان رۆژدا بەلشەفیکەکان زۆرینەی شوراکانی مۆسکۆیان بە دەست هێنا.ئەم خاڵە تەنها هەنگاوێکی بچووکە بەرەو وەدەستهێنانی دەسەڵاتی کرێکاران لە 7 ی تشرینی دووەمی 1917.

***<u>چینی کرێکار نەك حیزبەکەی، شۆڕش بەرپا دەکات بەڵام حیزبەکەی رێبەرایەتییان دەکات</u>***

ترۆتسکی نوسیویەتی *" بەبێ رێکخراوێك کە رێبەرایەتیمان بکات ووزەی جەماوەر بە فیرۆ دەچێت وەك هەڵمی بێپشتیوانی ناو پستۆن یان سندوقێك بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئەوەی شتەکان دەبزوێنێ پستۆنەکە یان سندوقەکە نی یە بەڵکو هەڵمەکەیە".*

**جیاوازی نێوان سەرکەوتن و هەرەسهێنان، نێوان تشرینی یەکەمی 1917 و شۆڕشەکانی تری کرێکاران ئەوە بوو کە لە حاڵەتی یەکەمدا حیزبێکی شۆڕشگێڕی جەماوەری هەبوو کە سەرکردایەتیەکی کاریگەری دەستەبەر دەکرد. بەڵام سۆسیالیستەکان ناتوانن ئەو ساتە دیاری بکەن کە قەیرانە شۆڕشگێڕییەکان تیایدا سەرهەڵدەدەن، ئەوانە دەرەنجامە ڕێکەوتی یەکان بە پێ ی ئەو پلەیە دیاری دەکەن کە تیادا حیزبێکی شۆڕشگێڕی بەهێز بنیات دەنێن.**

**کاتۆ (Cato) ی گەورە کە ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ڕۆمانی بوو، کردبووی بە پیشە ووتارەکانی بەم وشانە کۆتایی پێ بێنێت " Cartago Delenda est " واتە "قەرتاجە دەبێ وێران بکرێت"، لەدواجاردا ڕۆم قەرتاجەی وێران کرد. ئێمەش پێویستە بەم وشانە بێینە کۆتایی " پارتی شۆڕشگێڕ دەبێ بنیات بنرێت ".**

***دەربارەی نووسەر***

*"تۆنی کلیف" Tony Cliff ساڵی 1917 , هەمان ساڵ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیای تیا بەرپابوو, لە فەلەستین لە دایك بووە. ساڵی 1930 بووە بە سۆسیالیستێکی شۆڕشگێڕ و یەکێك بووە لە پەیرەوکەرانی لیۆن ترۆتسکی. دوا بە دوای ئەوەی لە فەلەستین دا کاری کردووە بۆ پێکهێنانی گروپێکی بچووکی شۆڕشگێڕ لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا هاتۆتە بەریتانیا. بە دوای خوێندنەوەیەکی چڕو تێبینی کردنی بارو دۆخی وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات, کە لە فەلەکی یەکێتیی سۆڤیەت دا دەخولانەوە, دەستبەرداری ترۆتسکیزمی ئەرتەدۆکس بووە.*

*"کلیف" گروپی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی دامەزراند کە بووە زەمینەیەك بۆ پێکهێنانی " سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالەکان" لە شەستەکان دا و هەروەها "حیزبی کرێکارانی سۆسیالیست" لە حەفتاکان دا.*

*خاوەنی دەیان پەرتووك و نامیلکە و سەدان وتاری جۆراو جۆرە. لەوانە پەرتووکی سەرمایەدای دەوڵەتی لە ڕووسیا، لە ساڵی 1947 نووسیویەتی و وەرگێردراوە بۆ 16 زمانی دونیا. سێ بەرگ دەربارەی کارو ژیانی لینین و چوار بەرگیش دەربارەی ترۆتسکی, هەروەها پەرتووکی خەباتی چینایەتی و ڕزگاری ژنان , ترۆتسکیزم دوای ترۆتسکی , تیوری شۆڕشی بەردەوامی بەلارێدا براو، مارکیسزم لە هەزارەی سێیەم دا ...هتد. ماوەیەکی*

کەم دوای دەرچوونی پەرتووکێك لە بارەی ژیانی خۆیەوە کە بە ناونیشانی ( ژیانێك بۆ بردنەوە: بە سەر هاتی شۆڕشگێڕێك) لە نیسانی 2000 دا کۆچی دوایی کرد.

ئەم وتارە (شۆڕشی دیموکراتی یان شۆڕشی سۆسیالیستی) بەشی دوانزەیەمی پەرتووکێکە بە ناوی (مارکسیزم لە هەزارەی سێیەم دا). لە لایەن "دەستەی وەرگێران و بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سۆسیالیستی" کراوە بە کوردی و لە شێوەی پەرتووێك لە کوردستان بڵاو کراوەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بەم ئیمایلەوە :

azadarman@hotmail.com